
# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.

**ژمارە ٤١ ـ ١٧ی سەرماوەز ٢٧١٨**



**■ چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

بیژەن ڕەحمانی
جێگر بەختیار
شەرمین ساڵحی
زانا شەریفیان
ناسر فەتحی
ڕەحمان جەنگ

**■ وێنەی ڕووبەرگ:**

Manuel Serrano

**■ بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٢٤...

**■ ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین، ناسر فەتحی

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ تەنها.**

- چیرۆکی کارگەیی
- بەتامی چیرۆک


- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین

ناسر فەتحی



١٧ی سەرماوەز ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## "چەلەنگی ناخ"

کوڕی باش من متمانەم پێ کردی. ئیمانم پێت بوو. بە ژنەکەمم ناساندی. پارەت پێویست بوو؛ بۆ دانانی هۆڵ، پێم دای. قوتابیم بۆ کۆ کردییەوە. بەڵام سەرباقی ئەو هەموو چاکەیە، ئاوات وەڵام دامەوە! ئەو ماوەیە بۆ نە هەواڵێکت هەبوو نە تەلەفوونێکت بۆ دەکردم؟! ئێستاش ئەوە ناچارت کردووم بۆ دۆزینەوەت، لەوسەری دنیا ڕا، بێم بۆ ئێرە. چت لێ کردووم؟ بۆ پێش ئەوەی وەک خۆم لێ بکەیەوە ڕۆیشتی؟ ئاوام چاو لە چاو مەبڕە! ئەگە ڕاست دەکەی چاوەکانم وەک خۆیان لێ کەوە! ئەوە گوێم لای تۆیە. فەرموو، چ بکەم؟ جێگا و ڕێگات لە کوێیە؟ پارە و پێناسەکەم و پاسپۆڕتەکەمیان بە جانتاکەمەوە لەبەردەم فڕۆکە خانە لێ دزیم. باش بوو زوو دیتمییەوە. تا پارەم بۆ دەنێرن و پاسپۆڕت و شتەکەم جێ بەجێ دەکەمەوە، دەبێ بێمە لای تۆ. جێگا و ڕێگات لە کوێیە؟ ناکا بڵێی لە شەقام و کۆڵانان دەژیێ؟! دە قسە بکە، بۆ زمانت شکاوە، با قامک بەو چاوە زەقانەتدا نەکەم. ئێرەش ئیدی کلاس نییە. ئەم بوورجە چییە؟ وا دەڵێن هەموو ڕۆژێ دێی لێرە دووسێ سەعات چاوی تێدەبڕی؟! تکات لێ دەکەم، تێم بگەیەنە! تکا دەزانی چییە؟! ئەی هاوار! شێتت کردم! ئێستا من چی لە تۆ بکەم؟ لەبەرت دەپاڕێمەوە شۆڕش! وەک خۆم لێ بکەوە! کوڕە شۆڕش! ژنەکەمت لێ تاراندم. خۆشم لە خۆم مەتارێنە! پێم بڵێ بزانم چیت لێ کردووم؟ بۆ هەمووشتێک دەبینم، کەچی دەڵێی هیچ نابینم؟ کوێی ناخمت شێواندووە؟ بەگیانی دایکم وام هاتووەتەسەر چاوەڕوانی وەڵامت نەکەم و هەر لێرە بتخنکێنم! ئاخر چی ڕووی داوە؟ قوتابییەکانی دیکەت بۆ کوێ چوون؟ ئەوان بۆ هیچ سۆراغێکیان نییە؟ ئەو هەموو دایک و باوکە بەستەزمانەت بۆ ئاوارە و سەرگەردانی دۆزینەوەی منداڵەکانیان کردووە!؟ خۆزگە لەگەڵ خۆم هێنابایەمن و جێگاکەتم بۆ ئاشکرا کردبوایەن! ئەودەم حاڵتم دەزانی. وەڵا شڕ و دڕیان دەکردی. دە ماڵوێران شتێک بڵێ، لەچی دەترسی؟ دەترسی سوورڕی کارەکەت لێ لەقاو بدەم؟! بە گیانی دایکم لەلای کەس دەنگ ناکەم. دیارە خۆ هیچ یەک لە قوتابییەکانت لە لای خۆمان نەماون، تا بچم لەو تەلیسمەی کردووتن دەریان بێنم! تەنیا دەمهەوێ ڕێگای وەک خۆ لێ هاتنەوەم پێ بڵێی! من تەنیا لەبەر ئەوە هاتوومەتە ئێرە. دوکتوورە دەروونییەکەم دەڵێ هیپنۆتیزمەکە بە ناتەواوی چووەتە ناخمەوە. دەیگوت ئەگەر بەتەواوی کاری لەتۆش کردبوایە، ئێستا تۆش یەکێک بووی لەوانەی خۆیان بزر کردووە. ئەوکاتیش پێم گوتی من تەنیا پارە و یارمەتیت دەدەمێ، پێم نەگوتی من مەهێنە نێو ئەم بەزمەوە؟ بۆ کڵاوت لەسەر نام؟ تۆ بۆخۆت دەزانی منت تووشی چی کردووە؟ باشە نەتگوت تەنیا ماساژێکی دەروونیت دەم و هیچی دیکە؟! دە قسە بکە! دەمت شکاوە؟ "!

شوانە بە ئارامی دەست لە یەخەی شۆڕش بەردەدا و لە تەنیشتییەوە پاڵ بە دیوارەکەوەدەدا و بە پشتەخشکێ قوون دەگەیەنێتە سەر عەرزی و، چۆکەکانی لە ئامێز دەگرێ و دەست دەکات بە گریان؛ بەدەم گریانەوە دەڵێ: "کاتێک ژنەکەم بەجێی هێشتم، نەمگوت مەڕۆ، هەر ڕویشت ناوەکەیم لەبیر چووەوە، دیمەنی ڕوخساریم نەدەهاتەوە یاد. ناچار لەڕووی پەروەندەکانمانەوە ناوەکەیم وەبیر خۆم هێناوەتەوە. لە ڕووی ئالبۆمی وێنەکانیشمانەوە دیمەنی ڕوخساریم هاتووەتەوە یاد. هەرکەسێکم لەبەرچاو نەبێ، لە زەینمدا پاک دەبێتەوە. شەو و ڕۆژم بەڵاوە بێ مانا بووە. کاتێک کەسێک دەگری تا بە دەنگی بەرز نەگری هەست بە گریانەکەی ناکەم؛ ئەگەر چاویشم پێوەی بێت. دڵم بۆ کەس ناسووتێ، بۆ کەس لێ نادات، نە نەفرەت وەخۆ دەگرێ نە خۆشەویستی. ئەو حاڵەتانە تەنیا لەسەر خۆم، جواب ناداتەوە. یانی زۆرم زگ بەخۆم دەسووتێ. هەستم زۆر بۆخۆم ناسک بووتەوە. قامکێکم ببڕم سەعاتێک بۆخۆم دەگریم، نەک لەبەر ژانەکەی، خەمی خۆم دەبێ. دوکتوورەکەم دەڵێ هیپنۆتیزمەکە دەروونمی بەرئاوەژوو کردووەتەوە. پێش ئەوەی ڕووداوێکی ناخۆش ڕوو بدات، زانیاریی زۆر باوەڕپێکرام وەدەست دەکەوێ، بەڵام هیچ کارێک بۆ ڕوو نەدانی ناکەم. هەرکەس هەر قسەیەک بکات حەقی پێ دەدەم؛ تەنانەت حەق بەکەسی دژبەری قسەکەشی دەدەم. دوکتوورەکەم دەیگوت بەو هیپنۆتیزمە هەنگوینەکە و گوویەکەی چەلەنگی ناخت لێک جیا کراونەتەوە. بوات لێ کردووم؟ پێم بڵێ بزانم بۆخۆشت وای؟ شاگردەکانیشت وایان لێ هاتووە؟ بیستوومە هەریەکەی چوون بۆ وڵاتێک. بەتەمای چین؟

کاتێک شوانە سەری هەڵدێنێ، نابینێ کە دوو پۆلیس لەسەر سەری ڕاوەستاون و داوای پاسپۆڕت و ناسنامەی لێ دەکەن؛ تەنیا ئەوە دەبینێ کە شۆڕش لەلای نەماوە.

پۆلیسەکان شوانە دەگرن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن. لە داییرە هەرچی لێی دەپرسن تەنیا چاو لە چاویان دەکات و هیچ ناڵێ. ئیتر کاتێک دەیانهەوێ بیبەن بۆ نەخۆشخانەی دەروونی، لەسەر ڕێگا پاسەوانەکانی، بەدر لە ویستی یاسا و ئەو ئەرکەی پێیان سپێردرابوو، ئازادی دەکەن.

✍ **ناسر فەتحی**



Steve Wellock

# "ئاوازی لاڵەکان"

هەموو بەیانیەک سندووقی پێڵاو سبوغ کردنی هەڵدەگرت و یەکەم هەنگاو بەرەو پەیمانگای فێرکاری موزیک هەنگاوی دەنا. سندووقێک کە چەند قوتووە بۆیەک و چەند فلچەیەکی تێدابوو لەگەڵ دوو جوت نەعلی لاستک، کە بەئاسانی لێک دەکشێن و نەرمن. کە دەگەیەشتە پەیمانگەکە راستەو خۆ بەرەو ژووری بەرێوبەر هەنگاوی دەنا. چەند جارێک نەرم نەرم چەند جارێک بە پشتی دەستی بەدەرگاکەی دادەکێشا. دوای ئەوەی بەرێوبەر فەرمووی لێدەکرد راستەو خۆ لەبەردەمی دەچەمایەوە جووتێک نەعلی لاستیک لەو جۆرەی کەخۆی هەمووکاتێک لەبەریەتی، لەبەردەم بەرێوبەری دادەنا و پێڵاوەکانی بەڕێووبەری هەڵدەگرت، تاکوو بیبات لە لەدەرەوەی پەیمانگا بۆیەی بکات و دواتر بۆی بگەڕێنێتەوە. نەدەبوو لە ژووری بەڕێووبەر زۆر بمێنێتەوە، چونکە جارێک بەرێو بەر پێی گوتبوو: " هەتیوو زۆر لێرە مەوەستە، بەم شکلەوە یەکێک لێرە بت بینێ حەیام دەچێت."

دوێنێ مندالە سبوغچییەکە کە وەک هەموو ڕۆژەکانی تر دەچوو پێڵاوی بەرێووبەرەکە بۆیە بکات، لەلای یەک لەهۆڵەکان گوێی لە دەنگی چەند ئامێرێکی مۆسیقا بوو. لە دەرگاکە نزیک بوویەوە و گوێی چەپی نزیک کردەوە و هەستی خۆی ڕاگرت. دەنگە دەنگێی جیاواز دەردەچوو لە ئامێرەکان. هەندێکیان دەنگی گڕ بوو، هەندێک تیژ، هەندێکیش نەرم نەرم دەهاتنە گوێی. یەکێک گۆرانی دەگوت و منداکەش وردە وردە لەبەر خۆی لەگەڵی دەگووتەوە. لەپڕ گوی لە تەقی کرانەوەی دەرگای ژووری بەرێوو بەر بوو، کە چەند هەنگاوێکی کەم لەو شوێنە دوور بوو کە مندالەکەی لێ وەستابوو. مندالەکا بە خێرای سندوقەکەی تاودایە و بەرەو لای بەرێوبەر راستەوخۆ بەرامبەری ڕۆیش و لەم پەلە پەلیە ناعلە لاستیکەکەی لە پێی ترازا و ساچمەیەکی بەرەو لای بەرێوبەرەکە کرد کە تازە لە دەرگایەکە دەهاتە دەرەوە، هێندەی نەمابوو خۆی پێدا بکێشێ. بەرێوبەرەکە لەسەری قیراند؛

- کوێێێێێێێێێێرررررررری.

مندالەکە سەری نوی کرد، بەبێدەنگی مایەوە. بەرێوبەرەکە دووبارە بە تورەی هاواری کرد؛

- بڕۆ لێرە مەوەسێ، ئەمڕۆ پێڵاوەکانم سبوغ ناکەم.

مندالەکە سندوقەی هەڵگرت و نیو خول بەدەوری خۆی دا سوڕایەوە. دوبارە گۆرانیەکەی کە کەمێک پێشتر گوێی لێببوو گوتیەوە:

"ئاوازێکم، لە قورگی ئەم ژیانە لاڵەدا بە جێ ماوم

دەستتان لەسەر چاوتان لابەن و سەیرم کەن،

دەمەوێت گۆرانیەک بە گوێچەکانتاندا بچرپێنم"

بەڕێبەرەکە هاواری کرد،

- چیت گوت؟

- لەگەڵ تۆم نەبوو.

✍ جێگر بەختیار



📷 Sajid Aboobaker

## "دەنگێک لە گوێمدا دەزرینگێتەوە"

لە نێو هەموو ئەو دەنگانەی ساڵانێک بەر گوێم کەوتبوون، دواجار دەنگێک بە گوێمدا هات، کە لە هەموویان بۆ من جیاوازتر بوو... دەنگی خۆی لە لایەک، گیتارەکەیشی هەستێکی غەریبی لە ناخمدا وروژاندبوو، هەستێک کە تا ئەو ساتەوەختە هیچ کات بە خۆم نەدیبوو. کەمێک دواتر کە ژەنینی گیتارەکەی تەواو بوو، دەنگی خشانی شتێک بە سەر مێزەکەدا بە ئاگای هێنامەوە. هەستم بە بۆنێکی تاڵ دەکرد کە لە گەڵ عەترێکی گەرم تێکەڵ ببوو، دەمزانی بۆنی قاوەیەکی تاڵە. مانگێک لەوە پێش بوو کاتێ بۆ یەکەم جار هاتە کۆبوونەوەکەمان و خۆی پێناساندین هەمان بۆنی لە خۆی دابوو. دوودڵ بووم پێکەنم یا بێدەنگی بەخۆمەوە بگرم. زەردەخەنەم هەموو کاتێ بە سەر لێوەوە بوو. بەڵام ئاگام لە دەرکەوتنی ژمارەی ددانەکانم نەبوو، دەمزانی زۆربەیان دەردەکەون. وەبیر کچە هاوڕێیەکم کەوتمەوە کە جارێک پێی گوتبووم: "دەزانی ئێمە بە بێهۆ هەموو کاتێ دەممان باز کردووە، زەردەخەنە دەمانگرێت و بێ ئەوەی شتێک پێکەنیناویمان بیستبێت، هەموو ددانەکانمان دەردەخەین؟ باشترە تەنیا لە کاتی پێویستا پێبکەنین، ئەویش کاتێ بەرامبەرەکەمان بزانێت کە خەریکین پێدەکەنین" هەر بۆیە لێوەکانم کۆ کردەوە و گوتم: من هەمیشە ئاشقی قاوەی تاڵم. هەستم کرد ئێستا دەبێ زەردەخەنەیەک لە سەر لێوەکانی بێت. دەنگی تەقەی کەوچکەکەی بە لێوارەی فنجانەکەیدا دووبارە بێدەنگی شکاند. لە پڕ پرسی: شەکرت تێکردووە؟ دەنگم ئاوێتەی زەردەخەنەکەم کرد و گوتم: پێم خۆشە قاوەکەم تاڵ بێت! گوتی: ئاخر دەڵێن تاڵی وەکوو تاریکییە وەکوو ڕەنگی ڕەش...منیش بێزارم لە ڕەشی تەواو. بۆیە پێم خۆشە کەمێک شیرینی ئاوێتەی ئەم تاڵییە کەم. بۆ مەگەر شەو چییەتی؟ دنیامان بەم جوانییە، بۆ لە خۆڕا تێکیبدەین؟ دوایی هەردوو پێکەوە گوتمان: شەو؟ تاریکی؟ ڕەنگ؟ قاقا پێدەکەناین... دەنگی وەک بڵێی شەرمێکی شاراوەی لە پشتەوە بێت، وابوو. دیسان بێدەنگی باڵی بە سەر هۆڵەکەدا کێشابوو. دەنگی تەقەی قەڵەمە نوک تیژەکەیم دەبیست کە بە سەر قاقەزەکەیدا دەیچەقاند. فنجانەکەم لە لێوم نزیک کردەوە، هێشتا گەرم بوو، قومێکم لێخوارد و دامنایەوە. بە هێواشی کۆخەیەکی کرد و قاقەزەکەی بە خشکە لە ژێر دەستم دانا و گوتی: هەموویم لێرە نووسیووە، بە هێواشی بیخوێنەوە. وردە وردە دەستم لە سەر قاقەزەکە دانا و یەکە یەکە خاڵەکانم دەساوی. وشەیەک کەوتە بەردەستم کە لە مێژ بوو بە هیوای خوێندنەوەی بووم، دواتر بۆ سەرەتای دێرەکان گەڕامەوە: " لە باشترین ساتەکانی ژیانمدا تەنیا بیر لە

دەنگی میهرەبانی تۆ دەکەمەوە، دەنگت خۆشترین ئاوازی ژیانمە؛ تەواوی جوانییەکانی دونیا لە دەنگتدا کۆبووەتەوە. تۆم بە تەواوی هەستەوە..." دەستم هێشتا لە سەر قاقەزەکە بوو کە دەنگی گیتارەکەی بەرز بووەوە، وەک بڵێی گۆنام گڕی گرتبێت هەستم بە گەرمی دەکرد، لە عارەقدا خووسابووم، لە نێو کیفەکەمدا دەستم بۆ دەستماڵێک دەکوتا تا دەم و چاومی پێ بسڕم. دەستێکم بۆ فنجانەکە برد هەستم کرد چیتر حەزم لە قاوەی تاڵ نییە، پێم خۆش بوو کەمێک شیرینی ئاوێتەی ئەو تاڵییە کەم. بیرم لەو کەسانە دەکردەوە کە ئێستا ڕەنگە سەیرمان بکەن، خێرا چاویلکە ڕەشەکەم کردەوە چاوم و لە گەڵ تەواو بوونی ئاوازەکەی دەستم کرد بە چەپڵەلێدان. هاوکات جەماوەری نێو هۆڵیش چەپڵەیان بۆ لێدەدا. گوتم: بژی، بە ڕاستی بێوێنە بوو! سپاسی کردم و گوتی: پێشکەش گیانەکەم. هەستم کرد گەرمی هەناسەی خەریکە لە گوێم نزیک دەبێتەوە، بە گوێچکەمدا چپاندی: بیستوومە پرچێکی درێژت هەیە! لە کاتێکدا کە لە شەرما دەسووتام، گوتم: وایە قژێکی تاڵ و درێژم هەیە. گوتی: تاڵ واتا ڕەش؟ دەبێ زۆر جوان بێ! گوتم: وادەڵێن. گوتی: بیستوومە... بێدەنگ بوو وادیار بوو شەرم دەکات. گوتم: چی چیت بیستووە؟ دەڵێن ڕەنگی پێستت سپییە. گوتم: سپی وەکوو ڕەنگی ددانەکانمان...دیسان هەردوو دەستمان کرد پێکەنین. سپی هەمان ئەو ڕەنگەیە کە مرۆڤەکان زیاتر حەزیان لێیەتی، بەڵام چ گرینگاییەکی بۆ ئێمە دەبێت؟! گوتی: من دەنگ بە هیچ شتێک ناگۆڕمەوە. تۆ باشترین دەنگی ژیانم دەبیت، سۆزی دەنگت مۆسیقای ساتەکانم دەبێت. بۆ یەکەمجار دەستەکانیم "لەمس" کرد، پێش ئەوە جگە لە دەستی بابم هیچ دەستێکی پیاوانەم لەمس نەکردبوو. چ هەستێکی خۆش بوو وەک بڵێی تازە لە دایک بووبێتم. لە ناخمەوە خۆم بە بەختەوەرترین کەسی دنیا دەزانی و لەو کاتەدا هەرگیز ئاواتم نەدەخواست، جۆرێکیتر لە دایک بوومایەت. لەمس کردن خۆشترین چێژێ بوو کە تا ئەو ساتەوەختە چێشتبووم. وامدەزانی چێژێک زیاتر لەوە بوونی نییە. بەڵام ئێمە هێشتا دەمانتوانی زیاتریش چێژ لە یەکتر ببەین. هێشتا سەرەتا بوو، ڕێگایەکی سەخت و دژوارمان لە پێش بوو. دەنگی خشانی کورسیەکانمان بە سەر موزاییکەکاندا، بێدەنگی هۆڵی کافەکەی شکاندبوو. هەر دوو هەڵساینەوە. گۆچانەکانمان کردەوە و بە ئارامی بە دەور و بەرماندا کوتا. تا لە کافەکە ـ هاتینە دەرەوە گۆچانەکەمان بە چەند جێگادا کوتا، هێشتا هەستم دەکرد قۆڵیم گرتووە و بە نێو دەنگەدەنگی جەماوەری پیادەڕەوەکاندا دەڕۆم...دەستم هێشتا لە سەر قاقەزەکان و خاڵە زبرەکان بوو، دایکم بانگی لێکردم. قاقەزەکەم لە ژێر فەرشەکە دانایەوە. دەستێکم بە قژمدا هێنا، درێژتر ببوو بەڵام دەڵێن چیتر ڕەنگەکەی "تاڵ" نییە و هەمووی سپی بووە، ساڵانێک تێپەڕیوە و

دەنگێک لە گوێمدا هەر دەزرینگێتەوە...

✍ **شەرمین ساڵحی**



Darragh Hehir

## "بیراز"

بەیانی زوو بە دەنگی سەگوەڕ وەخەبەر هاتم. لە سەرمان خۆم گرمۆڵە کردبۆوە. دەستم لە پشتی لێفەکە دا. لێفەکە وەک سەهۆڵ سارد بوو. بۆنی کەلاک و چەوریی کوشتارگا بەوسەرمایە لە کونی دەربیجەی پەنجەرەکەوە خۆی خزاندبووە ژووریٚ. بۆ بەرچایی هیچ شتێکم لە ماڵیٚ شک نەدەبرد. دۆینیٚ شەوێش شتێکی وام نەخواردبوو. لەوەتا یەکەم جار دەستم بەو کارە کردووە؛ بیٚبەشم لە چێشتە خۆشەکانی دایکم. هێندێک سانديس لەبەر پەنجەرەن. دۆینیٚ لە مقەڕ هێنامەوە. بەڵام لە خوڕێنی ئیشتیام بۆیان ناچیٚ. لەو ڕۆژەوەی چەکم هەڵگرتووە؛ ڕووی ئەوەم نییە خۆم نیشانی دایکم دەم. دەست لە قەتماغەی برینەکانم دەدەم. لەبەر سەرما هێندەیدیکە ویشک هەڵگەراون. موبایلەکەم زەنگی خوارد. بە جێی من سەگێک جواب دەداتەوە. بۆ ماوەی چەن خولەک بۆ سەرۆک دەوەڕم و کلکەسووتەی بۆ دەکەم. حەیف کلکم نابینیٚ! بە دانانی بیستۆکی موبایلەکەم پڕ بە ژوورە ساردەکەم لە جەستەی جوانەگایەک دا، دەبۆڕێنم. کوشتارگا نزیکە.

✍ بیژەن ڕەحمانی



📷 Aleiandro Barrantes

## "ناسراو"

دەچووە سووچێکی دیوەکەو تووند توونند ئەژنۆکانی لە باوەش دەگرت و خۆی دەلاواندەوە بە دەستێکی توونند مەچەکێکی دەگرت،هێندە درێژەی پێ دەدا تا بە تەواوی سڕ دەبوو ئیدی خۆشی بیویستایە نەیدەتوانی دەست و پاکانی بڵاو کاتەوە،یان ئەوەکە ڕادەوەستاو پشتی بە دیوارەکەوە دەنا و ناوشانی لە دیوارەکە هەڵدەسوو،متمانەی بە کەس نەبوو تەنیا دایکی نەبێت بۆیە تەنیا کاتێ دایکی لە ماڵەوە بوو دەنگ و هاواری بەرز دەکردەوە،لە منداڵیەوە حەزی لە دیوارە زبرەکان بوو لە زەویە زبرەکان ئەوکاتەی وا ڕوومەتە ناسک و سوورەکانی توونند بە دیوارە زبرەکانی  لای پەنجەرەکانیانەوە دەنا بۆ ئەوەی بتوانێ دەنگی منداڵی کۆڵانەکەیان ببیستە،چاوەکانی دەبەست و بە دەنگیان وێنەیانی دێنا یادی بۆنیانی دەکر،هەموو دەنگێکی دەبیست لە هەموو دەنگێک دەگێشت،ئەو دەنگانەی وا لە دوورەوە دەهاتن و پەیوەندی بەمەوە بوو دەیبیست،خۆشترین دەنگ،دەنگی دایکی بوو چون دەیزانی هیچ نابیستێ،کپ،هەزار خۆزگەی بە دایکی دەهات کە ئەو دەنگە ترس هێنەرە نابیستێ ئەو دەنگەی وا زۆر کەس لە ژیانیانا هەر وا بە سادەیی لە پەنای تێپەڕ بوون و نەیانبیستە بەڵام بۆ ئەو کولانەوەی زامەکانی بوو ئەو زامانەی وا هیچکات خۆش نەدەبوونەوە.
هەمووکات بە خۆی دەوت ئەی قوفڵەکان یان بە دەنگی بەرز هاوار کەن یان بە تەواوی بێ دەنگ بن،ئێوەش خائینن خۆتان داوەتە دەستی،ئێوەش فێر بوون کڵاو بنێنە سەر هەستەکانم،ئا جاران بە بۆنیش دەمزانی شەڕە یان نا. تەواوی جەستەی زبری دیوارەکانی ناسیبوو زۆر لە تاڵە قژەکانی ئەویندارى دیوارەکان ببوون و ئیدی لەگەڵی نەهاتبوونەوە هەر لەوێ مابوون بۆیە ئەمیش دڵی نەدەهات لە دیوارەکەیان کاتەوە،نەیدەزانی دوای دیوارەکان جەستەی بە چی بناسێنێ. کە دەچوو خۆی بشوات نەیدەزانی کام ئاو دەتوانێ ئەو جێ پەنجە پیسانەی لێ کاتەوە ئاو دەکرا بە لەشیا بەڵام بیری دەکرد ئاو جێ پەنجەکانی برد ئەی چی ئەو دەنگانەی وا هەموو کات لە مێشکیا دەزرینگێنەوە دەبات ئەو دەنگەی وا پێی دەوت"سەگ باب تووی کێ لە دایکتا چندراوە وا ئەوەندە نەرم و ناسکی،لە ئێمە نیت بەڵام قەیناکە".بیری دەکرد چۆن ئەو سەگ بابە بشواتەوە،بیری دەکردەوە هیچ ئاوێک ناتوانێ ئەو پیسیەی سەگ خاوێن کاتەوە مەگەر تەنیا بیسووتێنێ و خۆڵە مێشەکەی بداتە دەم با،ئیشتیای چبووە سەر ئاور،پەنجەکانی پێ دەناساند،تاڵە قژەکانی،هێندەی لێ نزیک ببوو کە لەیەک نەدەکرانەوە.

✍ زانا شەریفیان




Boris Jusseit


## "وای ناخۆی"

ڕۆژنامە فرۆشییەکی تایبەتت دۆزیبووەوە. ڕۆژژمێرەکانی ئەو ڕۆژنامەفرۆشییەت بەلاتەوە ڕێکووپێکترین و تێرووتەسەلترین ڕۆژژمێرەکان بوو. هەمووساڵێ چاپی نوێی ڕۆژژمێری کوردیت لەوێ دەکڕی. زۆرت گرنگی بە ڕۆژژمێر و بۆنەکانی نێو ڕۆژژمێرەکان دەدا و، زۆر بەجوانی خۆت لەگەڵ ڕێکدەخستن و ڕێوڕەسمی تایبەتیت بۆ بەڕێوە دەبردن. تا ئەوەی ڕۆژێک دوای لەخەو هەڵستان و سەیر کردنی ڕێکەوتی ئەو ڕۆژە، واتە دوایین ڕۆژی دوایین لاپەڕەی ڕۆژژمێرەکەی ئەوساڵەت، بەسەرسوورمانەوە دەبینێ ئەو ڕۆژە "ڕۆژی جیهانیی گومانکردن لە بیرووباوەڕە نەگۆڕەکان"ە. وەک پشیلەی سمێڵ قرتاو، هاوکێشەکانی ژیانت لێ تێکدەچێ. بەخۆت دەڵێی: "گومانکردن لە بیر و باوەڕە نەگۆڕەکان؟" زۆر بیر دەکەیەوە، نازانی بیر و باوەڕی نەگۆڕت چییە. هەڵبەت زۆر بیر دەکەیەوە کە چۆن ڕێگری بکەی لە بیرکردنەوەت. ناتهەوێ بزانی بیر و باوەڕە نەگۆڕەکانت چین. بەئانقەست بیرگەت تووشی ئیفلیجیی بیرکردنەوە دەکەی. بەڵام فایدەی نابێ. بیرگەت هەڵدەستێتەوە سەر پێ و هاوار دەکات: "بیر و باوەڕی نەگۆڕی تۆ کوردستانێکی سەربەخۆیە!"

بەخۆت دەڵێی: "یانی ئێستا من دەبێ سەربەخۆیی کوردستان بخەمە ژێر پرسیارەوە؟ دەبێ نکۆڵی لە مافی سەربەخۆیی کوردستان بکەم؟"

دواجار، ناچار دەبی، وەک هەمیشە ملکەچی ڕۆژژمێرەکەت بی. بەخۆت دەڵێی: "مەعقوول نییە لە یاسا لادەم!" هەر بۆیە، ئەو ڕۆژە بۆ ئەوەی بەخۆتت نەدۆڕاندبێ، بۆ ئەوەی تووشی شکەست لەخۆت نەبووبێتی، جەژن و ڕێوڕەسمی ئەورۆژەت بە خواردنی پلاو و خۆرشتی گوو تێپەڕ دەکەی!

✍ **ناسر فەتحی**



Hans Bechheim

## "سەرسمی بیر"

سبەینێ نا ئەدووی، ڕۆژی کریسمێس و سەری ساڵی زایینییە. بە من چی مەلا و مێژوو دەڵێن چی!، بەشەر دەبێ بەرۆژبێت، چاو لە دەور وبەری کات و؛ لە کەس نەمێنێتەوە. ژیان کورتە و کوا هێندەی دێنێتێ وا قووڵی بخوێنێوە. هەر ئەوەندەش بۆمن قووڵ خوێندنەوە بوو. نەمزانی چۆنم بۆ هات، هەر لە بەر خۆمەوە بۆڵەیەک بوو کردم؛ منداڵ چۆنم لێ حاڵی بوون نازانم!. کەوتبوونە قلی وبلی و هەڵدەبەزین. بازاڕ بگرە و، هاتین. منداڵ وەک پارگوێلێک وا تازە تەڕ دەکرێتەوە وەپێش کەوتبوون و، هەر لە خۆڕا هەڵیان دەخستەوە و، خۆیان بەو دووکان و بەو دووکاندا دەکرد. جل وبەرگ و، ڕیشی سپی درێژ و، ڕووبەندی بابانوئێل و، داری کریسمێس و؛ دۆدی و بۆدی وایان هەڵدەگرت هەر هەڕەم لە بڕەی نەدەکرد. خۆ تۆ تازە بە هەموو سڕ و تڕی ئێمە دەزانی نایشارمەوە، بۆخۆشم هەر دەتکوت جێژنی لە دایک بوونی خۆمە، هەر بزەم دەهاتێ و پێم عەیب بوو هەڵخەمەوە. دایکی منداڵانیش هەر دەتکوت دۆی لێرژاوە، هەر لووتی لێ هەڵقرچاندین و سەری ڕاوەشاند و بۆڵەی کرد. دەیکوت:"دوو سبەی نا، سێ سبەی چلەی پووڕزا جوانە مەرگەکەمانە وا لە پێچەکەی "کانی تۆمار" لە ڕێی "بوورهان"(نێوان بۆکان،سابڵاغ) لە سەر ئەو هەموو عەرزەڕا هەر لە بەر تەسکی جاددەکە بەو ویشکانییە، خللۆر بۆتەوە خوارێ وەری گێڕاوە و، ئێستا خێزانە دوو گیانەکەی لە سەر هەوەڵ زگی چۆتەوە ماڵی باوکی". ناحەقی نەبوو، ئەویش لە بیری کرینی جل و بەرگێکی هەڵگر دابوو بۆ ئەو ڕێ و ڕەسمە و؛ لای وابوو دەبێ بە ڕوو سووری بچین. هەر نەبێ خەنە و سابوون و، بۆ دایک و خوشک و خێزانەکەی هەر یەکەو، تیتۆڵێک قوماش، لەچکەیەک... بەرین دەنا ئابڕوومان دەچێت.

ئەوەشم پێ خۆشبوو، من دەبوو دیار بم، ئەویش لە نێو قسە و باس و پێدا هەڵخوێندنی ژنان. سەرم بە هەر دووکانێک دا دەکرد دەستەو نەزەر بەرەو پیرم دەهاتن، یەکێک دەیکوت دەستت بەخێرە و ئەوی دی باسی باب و باپیرمی دەکرد و، هێندەم چایی خواردبووەوە و دەستم بە گیانمەوە گرتبوو، تۆ مەس هەواش سارد بوو دەی بێ ئەدەبیشە بۆخۆت دەزانی بازاڕی ئەو سەردەمە ئەنتیکەی چۆنی لێن و هەر لەوانە بوو لەشم پیس بێت، یان ئێستێ نا دوو شەقاوی کە شلپ میزەڵدانم بەر بێتەوە. کرێمێسمان بە نیوە دزی و نیوە ئاشکرا تێپەڕاند و، ئەوە منداڵ هەر لە ئێستێوە باسی نەورۆز دەکەن و، منیش بیرم لای تەگەری زۆر گەورە بۆ چوار شەممەسووری و تۆق تۆقە و بۆمب و فیزاو موونەووەرە.

لە ڕێ و ڕەسمی چلەکەدا باسی سەری مانگ و، پێشوازی لە "ڕەمەزان" دەکرێت و، ئەسێی ئەچواری دەبوو لێی هەستینەوە و، کەمێک گزفتی برسی و برسێتی بدەین. هههههـــــــەی ڕۆن بێنە خورما بێنە، برینج بێنە قەل بێنە سەوزی...

ئاخر بۆنە و مۆنەکان لە ماڵی ئێمە ئاوان، منانە، یانی پیاوانە، ژنانە، منداڵانە. هەڵبەت من لە هەر سێکیاندا بە پاڵەوپەستۆش بێت خۆی تێدەخزێنم.

زۆر جار میوانی ئەو لاولام هەر لە ڕەمەزانی پیرۆزدا بانگێشت دەکرد. ئاخر پێکوتنی نەدەویست، ئەو هەموو تەعامە پێیان وابوو حەوتوویەکە لە بەر وان تەکبیری لێکراوە و، تەداوروکی گیراوە. تازە خێزانم پرتە و بۆڵە و، کڵفەت کڵفەتیشی نەدەکرد و؛ تا ڕۆژوو وانەکان زیاتر بوایەن خێری زیاتری دەهاتێ و لەوانە بوو بەشی منیشی لێبدات. مشکڵۆزمەت بم ئی وایان تێدابوو هەر نەشی دەزانی چەندەی مانگە. بۆ خۆشم تاق ولۆقە و، وەک "حەمەتاڵ" جاری وابوو ئەو سەرە و سەر و؛ جاری واش هەبوو چەند ڕۆژم لە سەر یەک لێ دەگرت و ئێشتیام بۆیان نەدەچوو، ساڵی واش بوو هەر بەخڕی بە" شەشەکان"ـەوە قووتم دەدا. جا بەزم و ڕەزمی کولێرەی بیست و حەتی ڕەمەزان و، کرینی تەندووری ئاسنی گازی و، کاسە و کەوڵ کرین و پنە و ڕفێدە و شلکێنە و هەویر ترش و تیرۆک؛ خۆی چیرۆکێکێە و سەرتی پێ نایەشێنم. هەر بە گفت و لفتی باشووریان: "بووینە فلیم".

هەرچی دەمکوت پووڵی ئەو تەندوور و مەندوورە، دەدەین بە کولێرە و دەیبەخشینەوە؛ وەک بەردێک بە دیواری دادەی نەیدەگرت و نەیدەگرت. جا ئەوە دوایی باسی حاجێتی و، نەزری مەولوودنامە خوێندنەکەشم لێ ببێی بێ تام نییە.

لە "مووحەڕڕەم" دا شایی و مایی نەبوو، تۆزێک سەرم سووکتر بوو. ڕەمەزانیش هەر مارە برین و ئەوە بوو، بەڵام ئێمە بۆ دوای ڕەمەزان لە تاران، لە ڕۆژی ٢/٢ دا بانگێشتی خەنە بەندان و شایی و گواستنەوەی کچی ئاواڵ زاوایەکم بووین. خۆ جل و بەرگ و کراس و پشتوێن و سیخمە و، حەی حەی کوا دەیگرتەوە! نا. ئەویش بۆ کۆشک و تەلاری نێو عەجەمان و، کچی جحێڵیشت هەبێت. دەی دیارە، دیاری قابیلیشی دەوێت؛ نایهەوێت؟.

ئەو شەوە میوانیشمان هەبوو، ئێستاش نەمزانی لەو گەرمەی قسە و باسی ڕێگا و، کوژرانی بار هەڵگر و، بێ وەی قڕانێک ئاڵ وگۆڕ کرێت ئەو هەموو چەککێشانی تەلێفوونی و نەزر و بێعە دا؛ کێ هۆشی کۆنترۆڵی تەلەبزۆن و گۆڕینی کاناڵی هەبوو. ئەو نۆکەرەی تۆ، ئەوە ئێستا هۆشی هەیە شوکور، هاها دەزانێ باسی ئەو دەکەین چاومان لێدەکات؛ ئەوەش لەوێ گوێی هەڵخستبوو. هەر کاناڵ گۆڕدرا

ئەها ئەها دەستی پێ کرد. دەتکوت ڕۆژی حەشرە، وێدەچوو شوێنەکە لە دەرەوەی شار و ئاوەدانی بێت. جەماوەر لە دوور ڕاوەستابوون و، هەر تاوناتاوێک، نازانم هیندووستان بوو، ئێسپانییابوو کوێ بوو یەکێک بە لەتە پەڕۆیەکی سوورەوە (پەرژینی بە گوڵ) خۆی نیشانی گایەکی زلی وەحشی دەدا و؛ تۆ وەرە گا وەشوێنی کەوە. ئای ڕوو سیا خۆم، خرام کرد. کاکە یەکیان خۆی دەرباز دەکرد، یەکی دی دەهات گایەکە زەفەری بەریتێ و، خۆی بە نێو حەشیمەتەکە دادەکرد. ئیواش هەبوو، هەر خێرا زەندەقی دەچوو، چۆکی دەشکا و، لە نێو لینگی گایەکەدا دەتلاوە. ئاخۆ وەبەر ئەو سمە زلانەی کەوتبێ نەکەوتبێ خودا عالمە. جاری واش بوو هەر فریای کەوتن نەدەکەوتن و، تۆ وەرە گا هەلینگی دەیە و، کەوڵی کە. خۆ گۆنگەڵی ئێمەش لە ئی وان کەمتر نەبوو. کوڕەکە هەر دەستەو بەجێ لای میوانەکان گوڕوی گای وەحشی گرت و، جەماعەت هێندە پێکەنی بوون، خۆیان لەسەر قوون نەدەگرت. منیش ئەوە خەریکە وەزگ دەدەم و پێم عەیبە. یەک چای لە گەرو دەگیرا یەک قەند. یەک چاوێکی لە من دەکرد و چاوێک لە کوڕە و، دەیکوت: "گات ناوێ، نا، لە بیری تەویلە دابە. یەک ئاخوڕی وە ئەستۆ دەگرت و، ئەوی دی تفاق و ...

بەڵێ ئێمە بۆنە گەرا بووین و، لە هەر کوێ گەرایەکی بۆنە و ئەوە هەبوایە بۆنمان دەکرد و، بەبێ پێخۆرخۆمان دەگەیاندێ.

ئەوەی دەڵێن قەرەچی هێندەی غارە کەر پێخۆش نەبوو، ڕاست لە ئێمەی ڕوو دابوو. حەوتویەکیش دوای میوانەکان زۆرم بەسەر کوڕەدا هەڵخوێند، هەتا لە کەری شەیتان دابەزی و؛ ڕووم لە دیوار بە جێی گای وەحشی بە جاشە کەرێک ڕازی بوو. بەڵام جاشە کەر چی! هەتیو مەتیو زەنگیان لێدەدا و، هەر یەکە و بەکەیفی خۆیان سەریان دەخستینە سەر. هەتا ڕۆژێک بە قەولی خۆی کوڕە عەسرانەی دەباتە خزمەتی و ئەویش وەک دەسخۆشی لە کەرێتی دریغی ناکا و؛ بە جووت لووشکەیەک نرکە لە سەر دڵی هەڵدەستێنێت. یەکێک بە یەکێک دەڵێ نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم، کەچی من نازانم چۆنی ببڕمەوە. وەکوو ئێستا لە پەنجەی وەحدەتدا بووین، هەڵبەت پێنجیش نییە و،حەفتەش کە دەڵێن هەر شوێنە ونکەیە دەنا هەر تاقە ڕۆژێکی تەحتیلە و ئەویش حەفدەی مانگە. قەدیمی بە ڕەحمەت بن قسەیان وەک سنگ وابووە: "دەڵێن دەوڵەت کەروێشکی بە عەرابە دەگرێت". بەڵێ خێزانم نەزری مەولوودی دابوو، ئەویش خۆم ئاسایی سەری بچێت، قسەی ناچێت. مەولوود نامەیەکی تێر و تەسەلمان ڕازاندەوە. دەنگی دەف و دەروێش ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیشت و هەرچی دیو ناس و سەر ناس بوو لەوێ بوون. دەر و دراوسێ و خزم و کەسیش ئەوە هیچ، خۆ من هەر پێم دەکرا نووقڵ و مینوو و میوە بێنم و، خەڵکی بە

خێر هاتن کەم؛ ئاخر ئەوە نەزری ئەوە و هەر بە نێوی خۆی بوو. لە هاتن و ڕۆیشتن دا من ئاغابانوو لەسەر بە ڕانگ وچۆغە و سۆرانییەوە وەک کۆڵەکە چەقیبووم کەچی هەر پیرۆز بایی لەو کرا و، ئەو حاجی خانم حاجی خانمە لەوێوە داکەوت و بەسەریان دابڕی. جا لەوێ ڕۆژێوە ئەوە پەڵپی حەجی گرتوە و، ئەویش حەجی گەورەی فەوری. بەڵام خۆ لێرە لە کڕین نایە. ئەویش ئەگەر ئەو دەعبایانە لێک بنەوە، ئەو دەوڵەتانە. دەنا ئەوە هەر هیچ. هەر وا ژیانی ئێمە وەک ئاڵقەی زنجیر پێکەوە بەسرابوو، دوا بە دوای یەک ئاڵقە دەهات و ئێمەش تێیدا بەسرابووینەوە. لەو شەوانەدا، هەڵبەت بۆ خۆشم لە مێژ بوو بیرم لێدەکردەو و، کچەکەش ڕووی سپی زۆری دەکوت بەڵام، حاجی خانم بەیانییەک دەستی بە خەون گێڕانەوە کرد و کوتی خەونم دیوە ئاوا نابێت. وەلحاسڵ بامان داوەتەوە و، کچەکەش ئەو ڕۆژە وا دایکی خەونەکەی دەگێڕاوە دەیکوت: "ئەو ڕۆ، ڕۆژی جیهانی ورد بوونەو و؛ خود ئاگاهییە.

✍ ڕەحمان جەنگ




📷 Marina Shalamberidze

## "خۆمێکیتر"

تازە جلە نارنجییەکانی کە بۆ ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ژنانی پۆشیبوو، دایکەندبوو. ڕۆژژمێرەکەی لە کیفەکەی دەرهاورد و چەند لاپەڕەیەکی لێهەڵدایەوە. هەر ڕۆژ سەیری ڕۆژژمێرەکەی دەکرد و لە گەڵ بۆنەکانی، بە تایبەت بۆنە جیهانییەکان، خۆی ڕێک دەخست. پێی وابوو بۆنە جیهانییەکان ڕەسمییەتێ زیاتریان هەیە! ئەگەر ڕۆژێک لە نێو ڕۆژژمێرەکەیدا بۆنەیەکی تێدا نەبووایە ئەو ڕۆژە لە ژوورەکەی نەدەهاتە دەر و دەستەو ئەژنۆ چاوەڕێی ڕۆژی دوایی دەکرد. وای لێهاتبوو کە تەواوی هەڵسووکەوت و ئیشەکانی ڕۆژانەی، بۆنەکانی نێو ڕۆژمێرەکەی بۆی دیاری دەکرد. دەیگوت: تەواوی ڕووداوەکانی دنیا پەیوەندی بە منیشەوە هەیە؛ گرینگ نییە ئەم بۆنەیە لە چ کاتێکدا و بە بۆنەی کام ڕووداو یا لە چ زەمانێکدا و لە کام وڵاتی دنیادا، سەری هەڵداوە. بەم خووەوە دەژیا، تەواوی باوڕەکانی ببوون بە بۆنەکانی نێو ڕۆژژمێرەکەی. چەند ڕۆژ پێش، جەژنی لە دایکبوونی لە قوتابخانە گرتبوو؛ دەیگوت: من لە قوتابخانە لە دایک بووم. بڕوام نەدەکرد. گوتم: لەوانەیە دایکت ئەو کاتەی بە تۆوە دووگیان بووە، بەڕێوەبەر یا مامۆستای قوتابخانە بووە. پێکەنی و گوتی: ئەو کات لە بەر، دەست تەنگی بابم لە یەکێ لە پۆلەکانی مەدرەسەیەکدا دەژیاین. دەیگوت: مامۆستای قوتابخانە، کاتێ گوێی لە قیژەی دایکم دەبێت، بە نێو"بابا آب داد"دا باز دەدات و خۆی دەگەینێت؛ ئاوا بووم بە لە دایکبووی قوتابخانە. کاتێ منداڵەکان گوێیان لە گریانم دەبێت، هەموویان لە خۆشیدا دەست دەکەن بە هەڵپەڕین... لە دوای دوو کچی دیکە دەبووم بە سێهەمین کچ. دایکم دەیگوت: ئەوەندە جوان بووی کە گۆنات سوور هەڵگەڕابوو، وەک هەنارە پاییزییەکانی خوار ئاوایی. دەیگوت: پوورت دوای دوو کچی دیکە چاوەڕێی کوڕی دەکرد، کاتێ لە سەر دەستەکانی داکەوتی، فرمێسکەکانی دەتکانە سەر جەستەی ناسکت؛ من لە کاتێکدا لە تاو ئازار ددانەکانم لێک دەساوی، پوورت بە چاوی فرمێسکەوە فڕێی دایتە سەر کۆشی دایانەکەو و هەواڵی هاتنتی بۆ خەسووم برد. پوورم هەمووساڵێ کاتێ ڕۆژی لە دایک بوونم دێ بە دیاریەکەوە خۆی بە ماڵماندا دەکات و لە کاتێکدا کە باوەشم پێدا دەکات بە گوێمدا دەڵێ: دەمبووری؟ منیش پێدەکەنم و دەڵێم ئەرێ پوورێ گیان، ئیتر لە بیرخۆتی ببەوە، تا کەی داوای لێبووردن دەکەی؟ بەڵام بۆ سبەی لە نێو ڕۆژژمێرەکەیدا بۆنەیەکی جیاواز نووسرابوو: "ڕۆژی جیهانی گومان لە باوەڕە نەگۆڕەکان". تەواو شڵەژابوو، بە خۆی گوت: ئێستا من چی لەو هەموو باوەڕانەی خۆم بکەم؟ تەنانەت ناتوانم گومان لە یەک دانەیشیان بکەم. بە پەلە بە باوەڕەکانیدا دەچووەوە. عەشق؟ نا ئەمە خۆ گومانی لە سەرە، ئیتر پێویست بە گومان ناگات. مرۆڤایەتی،

باوەڕە ئایینییەکان، باوەڕە نەتەوایەتیەکانم... کامیان هەڵبژێرم؟ ڕستکەکان؟ کە لە مێژە جێی خۆی داوە بە ئەندێشە مۆدێرنەکان. خۆم؟ بیری دەکردەوە زۆری بڕوا بە خۆی هەیە. بەڵام قەت نەیوێرابوو گومانی لێبکات. بۆیەیش دەستی خستەسەر گرینگترین باوەڕی ژیانی کە خودی خۆیەتی. سبەی دوای خواردنی نانی بەیانی، جلەکانم گۆڕی و دوای خواردنی دوایین شەربەتی ژیانم کۆتایم بە "خۆم" هانی. خۆم ئێستا لەو دیو گومانەوە سەیرم دەکات...

**✍ شەرمین ساڵحی**




Zoltan Szabo

## "بنبڕی سێبەر"

سێبەرەکان هەستابوونە سەر پێ و، مرۆڤەکان جێی سێبەرەکانی خۆیانیان گرتبووەوە. مرۆڤەکان بەدوای سێبەرەکانیاندا بەسەر عەرزیدا دەخشکان و دەیاننالاند. هێندە ڕووشابوون و چاک ببوونەوە، پێستیان وەک بنێ پێی پێخاوس خارابوو. هێندە چووکە و گەورە ببوونەوە، حەیاتیان لێی بڕابوو. دوای ماوەیەک مرۆڤەکان چارەیەکیان دۆزییەوە. ئیتر شەوانە لامپەکانیان هەڵنەدەکرد، هەرچی کون و کەلێنی ماڵەکانیان بوو بە پەردەی ڕەش و ئەستوور گرتیانن. کارەبای شاریان بڕی و چەتری ڕەشی گەورە گەورەیان لەسەر خۆیان هەڵدا. باشییەکەی ئەوەبوو سێبەرەکان نەیاندەتوانی پەردەکان لادەنەوە و لامپەکان هەڵکەنەوە. هەڵبەت ئەوان هەر ئاگایان لە هیچ نەبوو. تەنیا کاریان ئەوەبوو، هەرکە وەدەر دەکەوتن، دەچوون بۆ پیاسە. شەوانەش ئەگەر ڕووناکییەکی بەڕێکەوت وەدیاری بخستبوایەن هێزێکی وایان نەبوو کە قیت بنەوە و مرۆڤەکان بۆ پیاسە وەدووی خۆیاندا بدەن؛ بەڵام بەڕۆژ با، پێشتر بەڕۆژ ئەو هێزەیان هەبوو. بۆ ماوەیەک دنیا شێوا؛ بەڵام دواتر کە مرۆڤەکان لەگەڵ ئەم مەسەلەیە ڕا هاتن و، وردە وردە هەمووشتێکیان بۆ ئاسایی بووەوە. بەجۆرێک، بەجارێک هەر لەبیریشیان چووەوە پێشتر چۆن بوون و ئێستا چۆنن. پێش ئەوەێ هەمووشتێکیان لەبیر بچێتەوە، بەختی ئەوەیان بوو، بیریان لەوە نەکردبووەوە سێبەرەکانیان بکووژن. چوونکە ئەگەر سێبەرەکانیان بکوشبوایە، بەجارێک زەمینگیر دەبوون.

**✍ ناسر فەتحی**



Giuseppe Cammino

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!
٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان دروست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌◌ ◌ ◌◌ ◌,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = ❋]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:

گوتم:

ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)

ئاوا درووستە:

گوتم: "جوان سرنج بدەن!"

هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.

-ئاوا نا!

- ئاوا!

-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).

٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبوڕە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.

ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,

ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:

ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)

ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)

ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)

ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرج بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بەتامر چیرۆک

## ▪ ئەفشین ڕەحمانی ـ سەقز:

بەڕەحمەت بێ "شێخ ڕەئوف" نانەوایەکی قەدیمی سەقز بوو، گێڕایەوە: منداڵ بووین، دەوروبەری ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی. ئەوکات پیاوەکان هەرکات شەو کاری خێریان بکردایە، بۆ لەش خاوێنکردنەوە بەیانی زوو مەلابانگدان دەچوونە حەمامی گشتی شێخ لە نێو بازار. دەیکوت حەمامی شێخ لە سەرەوە ڕۆچنێکی هەبوو بۆ دەرچوونی هەڵم و بۆغی نێو حەمام. ئێمەش بەو بەیانییە زووە دەچووینە سەربانی حەمام. پیاوان تاسێک ئاوی شیلەوگەرمیان لە خەزانەی حەمام پڕ ئەکرد و بەرزیان ئەکردەوە. زۆر جار سێ کەڕەت نییەتیان ئەکرد تا لەش پاکییان قاییم بێ. نییەتی ئەوەڵ هیچ، نییەتی دووهەم هەر هیچ، کە نییەتی سێهەمیان دەهێنا، لە ڕۆچنەوە بەپڕتاو یەک دەبە ئاوی ساردمان بە سەردا دەڕژانن. کابرا دەیکوت: نییەتمە... نییەتمە...، هەر ئاوی ساردی بە سەردا دەهات، یەک بەخۆی هەڵدەبەزییەوە و دەینەڕاند و دەیکوت: نییەتمە بابتان دەگێم!

## ▪ مەنوچێهر ئیسماعیلزادە ـ بۆکان | کووپە خەزێنە!

کابرایەکی پیر، سێ کوڕی هەبوو هیچ هەمیەتێکیان بە باوکیان نەدەدا و خزمەتیان نەدەکرد. کاتی هەوا خۆشی، خۆی دەر و ژووری دەکرد بەڵام لە کاتی سارد و سەرمادا نەیدەتوانی و دەترسا لە سەر ئەو بەفر و بەستەڵەکەی حەوشە لاقی بخزێ و بکەوێ. هەر بۆیە بیری کردەوە وا چاکە فێڵێک لەو کوڕانە بکا.

چوو کووپەیەکی هێنا و لە سووچێکی دیوەکەی لەژێر گڵی نا و هەرکات کاری ئاوی دەبوو تێی دەکرد و پاشان سەرەکەی بە نایلۆن و پەڕۆ دادەپۆشی. ڕۆژێک کوڕەگەورەکەی بانگ کرد و کوتی: ڕۆڵە گیان تۆ زەحمەتت زۆر کێشاوە لەو ماڵەدا و ئارقت ڕشتووە. کووپەیەک خەزێنەم لەم دیوەدا ناوەتە ژێر گڵ هەر کاتێ مردم دەری هێنە بۆخۆت. کوڕە زۆری پێ خۆش بوو. ملی نا لە خزمەت کردنی باوکی و بە ژن و منداڵەوە بە دەوریدا دەهاتن و پێی ڕادەگەیشتن. کوڕە ناونجییەکەشی بەو جۆرە بانگ کرد و کوتی: خەزێنەیەک لەو ژوورەی من دایە، حەز ناکەم بۆ ئەو دوو برایەی دیکەت بێ، چونکە تۆم زۆر خۆش دەوێ. کاتێک مردم دەری هێنە بۆ خۆت. کوڕە زۆر کەیفی ساز بوو و ئەویش بە خۆی و ژن و منداڵەوە دەستیان کرد بە خزمەت کردنی باوکی.

ڕۆژێک کوڕەچکۆلەکەشی بانگ کرد و کوتی: ڕۆڵە گیان تۆ کوڕی چکۆڵەمی و نازداری، دەزانم بمرم براکانت فێڵت لێ دەکەن و بەشی خۆت نادەنی. خەزێنەیەکم لەو دیوەی خۆمدا خستووەتە بنگڵ، هەر کاتێ مردم بە دزییەوە دەری هێنە بۆ خۆت. کوڕەچکۆلەش دوای ئەوە بۆخۆی و ژن و منداڵەوە خزمەتیان دەکرد و وەک پەپوولە بە دەوریدا دەهاتن. وای لێ هات لە سێ مانگەی زستاندا کابرا پیرە کووپەکەی پڕ کرد. شتێکی وای لە بەهار لا نەدابوو و کتوپڕ بە لا داهات و عومری درێژی بۆ گوێدێران بەجێ هێشت. کاتێک ناشتیان و لە قەبران گەڕانەوە کوڕەگەورەکە بە هەڵەداوان خۆی کرد بە ژوورەکەدا و دەستی کرد بە گەڕان و هەڵکەندنی تەرکی ژوورەکە. بە دوای ئەودا دوو کوڕەکەی دیکەش خۆیان کرد بە ژوورێ دا. شەڕ کەوتە قۆپی و زۆریان لە یەک دا. ژن و منداڵ بە قیژە و هەرا دەرپەڕین بۆ دەرێ و هاواریان بۆ مامۆستای ئاوەدانی برد و کوتیان: زوو نەگەیەی ئەو سێ برایە یەکتری دەکووژن. مەلا هات و دوای ئەوەی لێکی کردنەوە کوتی: برالە تازە کارەکە وای لێ هاتووە، بەو قورعانەی لێم خوێندووە دەمکەنە برابەش چاکە، نامکەن شکایەتی دەوڵەتتان لێ دەکەم. کوتیان: باشە مامۆستا بەشی تۆشی لێ دەدەین، بابە خۆت بەشی کە.

مەلا کوتی: کووپەکە دەرهێنن و لە سەر سەری منی دانێن و بە تێلایەک لێی دەن و بیشکێنن. ئەوەی لە سەر سەر و شان و ملی من گیر بوو هی منە و ئەوەی دیکەی بۆ ئێوە. کووپەیان لە سەر سەری مەلا دانا و کوڕەگەورەکە بە هێز و قەوەتی خۆی تێلایەکی لە کووپە دا و ئەوەی تێی دابوو بە سەر و گوێلاکی مەلادا هاتە خوارێ!

▪ **بڕست:**

لە کۆڕێکدا باسی ناخۆشیی ئوتووبووس و دووری ڕێگای تاران دەکرا. کابرایەک وتی: بەخودا من هەرچی بچم بۆ تاران دوو سەندەڵی دەگرم و بە ئیشتیا بۆی دەنووم. کەسێکی تۆزێ فەقیرحاڵ گوێی لەم قسەیە بوو. دوای ماوەیەک کابرای ساویلکە دەچێ بۆ تاران. دوو سەندەڵی دەگرێ؛ یەکیان لە پێشەوەڕا و یەکیشیان لە دواوە. خولێک لە پێشێ دادەنیشێ و خولێک لە پاشەوە. ئیتر تا دەگاتە تاران هەر سەفا و مەروە دەکا! دوایە گێڕایەوە و کوتی: ماڵتانە دوو سەندەڵی کەنگێ خۆشە؟ خۆ تا دەگەیتە جێ، ئەوندە هاتووچۆ دەکەی لە لاق و قول دەکەوی!

▪ **لاسی:**

من لە ناسر منداڵتر بووم. زۆر بەدفەڕ بوو. هەر جارێک بە لامدا تێپەڕ بوایە دەستێکی بە سەر و گوێلاکمدا دەکێشا و لە خۆڵی دەگەوزاندم. بە شین و گریانەوە دەچوومەوە ماڵ. نەیاندەزانی سەگ گرتوومی یان منداڵ خوریشۆریان کردووم. دەیکوت بە بابت بڵێیی، جارێکی دیکە دوو هێندەت تێهەڵدەدەم. ڕۆژێک دیسان چاکی کوتام؛ بە شێوەی جاران چوومەوە ماڵ. بابم کوتی: یان پێم بڵێ کێ لێیی داوی یان ئەوەندەی دیت دەکوتم.

لە ترسان هەڵمدا و کوتم: ناسر.

کوتی: جا زۆر باشە.

بابم ماتۆڕێکی پێ بوو. لە ڕێیە تووشی ناسر دەبێ کە لەبەر مانگایان دەبێ. بانگی دەکا: ناسر هۆی ناسر! ئەرێ شەمچەت پێیە؟

- بەڵێ کاکە

+ دا بۆم بێنە

- شەمچەی بۆ دێنێ و تووند مەچەکی دەگرێ؛ سەری دادەنێتە سەر باکی ماتۆڕەکەی و هەتا وەڕەز دەبێ لە سەر و گوێلاکی دەدا. ناسر بە شین و گریانەوە دەچێتەوە ماڵێ.

بابي دەڵێ: چ بووە؟ کێ لێیی داوی؟

دەڵێ: وەستا مستەفا

بابی ناسر دێ بۆ ماڵمان و بە گرمەگرم وەرگەڕا دەروازەی حەساری: مستەفا، مستەفاااا!
کوای؟ وەرە بزانم، وەرە دەرێ.

- بەڵێ کاکە،

+ ئەرێ سەری بابت شتێکت لێ دەپرسم ڕاستییەکەی بڵێ،

- بەزاتی خودا چۆن بووە وات بۆ دەگێڕمەوە،

+ براله لێت داوە قەیناکە، فەقەت پێم بڵێ چۆنت بۆ گیراوە؟!

▪ **محەمەد نەقشی:**

ڕۆژێک مەیموونێک زۆری برسی دەبێ، دەچێتە سەر دارەگوێزێک و خەریکی گوێز خواردن دەبێ. ئەوەندە برسی دەبێ فریای شکاندن ناکەوێ و بە توێکڵ و پێستەوە و بە خڕی گوێزەکان قووت دەدا. دوای چەند ساتێک فشاری سەرئاوی بۆ دێ، هەرچەند هەوڵ دەدا گوێزەکان نایەنە دەر. خولاسە ئەو ڕۆژە بەزەحمەت و ژان و ئێشێکی زۆر خۆی ڕزگار دەکا. ئەوجار مەیموونەکە تەنبێ ببوو؛ هەرکات دەچووە سەر دارەگوێز، لەپێشدا گوێزەکەی بە خوارەوە تاقی دەکردەوە و ئەگەر بە ڕاحەتی هاتووچۆی کردبا، ئەوجار دەیخوارد!

▪ **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"


photo by: bere mitchell
| RAWEZHISM